خوای گەورە پیاوێک جیادەکاتەوە لە ئومەتەکەم لەپێش هەموو خەڵکی لەڕۆژی قیامەتدا

لە عبداللە کوڕی عەمر کوڕی ئەلعاس -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە پیاوێک جیادەکاتەوە لە ئومەتەکەم لەپێش هەموو خەڵکی لەڕۆژی قیامەتدا، نەوەد ونۆ کتێبی -نووسراوی- بۆ دەکرێتەوە هەر کتێبێک هەتاوەکو چاو ببینێت -درێژە-، پاشان دەفەرموێت: ئایا نکۆڵی هیچ شتێک لەمە دەکەیت؟ ئایا نووسەرەکانم کە پارێزەری -کردەوەکانن:دەیاننوسنەوە- ؛ هیچ ستەمێکیان لێکردوویت؟ دەڵێت: نەخێر ئەی پەروەردگار، دەفەرموێت: ئایا هیچ عوزرێکت هەیە، دەڵێت: نەخێر ئەی پەروەردگار، دەفەرموێت: بەڵێ، یەک چاکەت هەیە لە لای ئێمە، ئەمڕۆ هیچ ستەمێکت لێناکرێت، پارچە کاغەزێکی دەردەکەوێت -تێیدا نووسراوە-: (أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ)، دەفەرموێت: تەرازووەکەت بهێنە، دەڵێت: ئەی پەروەردگار ئەم پارچە کاغەزە -چاکەی:کێشی- چیە بەرامبەر ئەم کتێبانە؟ دەفەرموێت: تۆ هیچ ستەمێکت لێناکرێت، کتێبەکان لەسەر تایەکی وپارچە کاغەزەکە لەسەر تایەکی تری -تەرازووەکە- دادەنرێت، کتێبەکان سووک دەبن وپارچە کاغەزەکە قورس دەبێت، هیچ شتێک لەگەڵ ناوی «خوای گەورە قورس نابێت.

[سەحیح - ڕاست)] [(الترمذي وابن ماجه) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە خوای گەورە پیاوێک هەڵدەبژێرێت لە نێو ئومەتەکەی لەپێش هەموو خەڵکی بانگ دەکرێت بۆئەوەی لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت، بۆیە نەوەد ونۆ تۆماری پیشان دەدرێت کە هەموو کردەوە خراپەکانی تێدایە کە لە دونیا کردوویەتی، ودرێژی هەر تۆمارێک هێندەی چاو ببینێت، پاشان خوای گەورە -عز وجل- بەم پیاوە دەفەرموێت: ئایا نکۆڵی دەکەیت لە هیچ شتێکی نووسراو لەم تۆمارانەدا؟ ئایا ئەو فریشتانەی کردەوەکان دەنووسن هیچ ستەمێکیان لێکردوویت؟ پیاوەکە دەڵێت: نەخێر ئەی پەروەردگار. خوای گەورە -عز وجل- دەفەرموێت: ئایا هیچ عوزرێکت هەیە بۆ کردنی ئەم کردەوانە لە دونیادا؟ ئایا بەهۆی هەڵە یان نەزانین بووە؟ پیاوەکە دەڵێت: نەخێر ئەی پەروەردگار هیچ عوزرێکم نیە. خوای گەورە -عز وجل- پێی دەفەرموێت: لای ئێمە چاکەیەکت هەیە، وهیچ ستەمێکت لێناکرێت لە ئەمڕۆدا. دەفەرموێت: پاشان پارچە کاغەزەکە -بیتاقەکەی- بۆ دەردەکرێت کە لەسەری نووسراوە: (أشهد أن لا إله إلا الله و أشهد أن محمدًا عبده ورسوله) واتە: (شاهێدی دەدەم بەوەی هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نیە بەهەق وڕاستی جگە لە اللە، وشاهێدی دەدەم موحەمەد پێغەمبەری خودایە). خوای گەورە -عز وجل- بە پیاوەکە دەفەرموێت: تەرازووەکەت بهێنە. پیاوەکە بە سەرسوڕمانەوە دەڵێت: ئەی پەروەردگار! ئایا کێشی ئەم -بیتاقە- چیە بەرامبەر ئەم هەموو تۆمارە؟! خوای گەورە -عز وجل- دەفەرموێت: ئەمڕۆ هیچ ستەمێکت لێناکرێت. دەفەرموێت: پاشان تۆمارەکان لەسەر تایەکی تەرازووەکە، و-بیتاقەکە- لەسەر تایەکی تری تەرازووەکە دادەنرێت، بۆیە ئەو لایەی تۆمارەکانی لەسەرە سووک دەبێت، وئەو لایەی کە -بیتاقەکە-ی لەسەرە قورس دەبێت، بۆیە خوای گەورە لێی خۆش دەبێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65033


النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY


لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee